
خەمێکی تر



# ئەرشیفی نەتەوەیی

بە خۆت نیەکە لە دامودەزگاکانی حکومەتانی دونیا ڕادەمێنی، یان کەبەدوای سەرچاوەیەك دەگەڕێی تا زانیاریەکت دەست بکەوێ، گریانت بۆ حاڵی کورد دێ ،خەم بۆ خەمساردی حکومەت، بەتایبەتیش بۆ دامودەزگا ڕۆشنبیریەکان ئەخۆی .هێمن گوتەنی:"لە ناخدا خەمێکی تر سەر هەڵدەدا"وا باشە بەر لەوەی خەم داغانتر مان بکا، تا پشتی زیاتر کووڕ نەکردوینەتەوە، حەقە بەدوای خەم ڕەوێنێکدا بگەڕێین.

ئێستا لە کوردستاندا دامو دەزگا حکومیەکان، حیزبەکان، ڕێکخراوەکان ، کۆمپانیاکان، سەنتەرەکان، کەسەکان....هتد، ئەرشیفی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان و هی تریشیان لایە، بەلاّم وەك ئەرشیفێکی نەتەوەیی هەژمار ناکرێ،چونکەلەخزمەتی گشتیدا نیە، بۆ نمونە :خوێندکارێکی بالاّ ئەگەر بیەوێ لێکۆڵینەوەك لە بواری مێژووی سالاّنی ڕابردودا بکات، بۆ گەڕان بە دوای دیکیومێنت وزانیاری دووچاری دەیان سەر ئێشە دێت، تا هەندێ سەرچاوەی دەست ئەکەوێ؟!لەوانەشە هەندێ دامو دەزگای حیزبیەکان بەسەدان دیکومێنتیان لابێ وئامادەش نین هاوکاری بکەن؟!دیارە لەولاّتان ئەرشیف والأیە بۆ هەر کەسێك کە بیەوێ، تەنانەت چەند ساڵ جارێك ئەرشیفی دەزگا سیخوریەکانیشان نیشان ئەدەن ؟!

ئەگەر تا ڕاپەین لەکوردستانی باشور بەهەمو شێوەیەك دژایەتی ئەرشیفی نەتەوەییمان ئەکرا، ئەگەرهەزاران ئاسارو بەڵگە بەناوی نەتەوەکانی تر تۆمار دەکران، ئەگەر تادروست بونی حکومەتی هەرێم لە سەر دەمی شاخ، بەشی هەرەزۆری حزبەکان ئەرشیفەکانیان تەنها بەموڵکی خۆیان زانیبێ، چاکتر وابو

**جەرجیس ئیبراهیم**

دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، کوردانەتر ،نەتەوەییانەتر، واقیعیانەتر، بیر بکەنەوە، ئەو ئەرشیفە ببێ بە موڵکی نەتەوە.

ئەرشیفی نەتەوەیی پێویستیەکی ژیاری باری ڕۆشنبیریمانە، کەچی وەك پێویست گرینگی پێنەدراوە، ڕاستە ئێستا لە شاری سلێمانی بەتایبەتیش لە کتێبخانەی گشتیبەشێك بەناوی (ئەرشیفی نەتەوەیی)هەیە، بەداخەوە نەمبیستوە لە هەولێر یان لە دهۆك دەزگایەکی لەو شێوەیە هەبێت، تەمەنا دەکەم هەبێت ومن بێ ئاگا بم؟!کاتی ئەوە هاتوە حکومەتی هەرێم بیر لە دامەزراندنی، بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی، یان سەنتەرێکی نیشتمانی، یاخود دەزگایەکی هاوشێوەی پرۆژە تایبەتیەکان، یا وەك دەزگای وەبەرهێنان بۆ ئەرشیفی نەتەوەیی بکاتەوە، دەزگایەك بێت کە سەرجەم دیکومێنت ونوسراو، بەرهەمەکانی هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیریمان(هونەری،ئەدەبی، مێژوویی، شارستانی، فۆلکلۆری،....هتد)بگرێتەوە، دەزگایێ بێت، کورد گوتەنی (سەری مارو مێرووی) تێدا بێت و هەمومان بڵێین لە خەمێکی گەورە رزگارمان بوو.

bawkitana@yahoo.com